عەمار حەکیم پیرۆزبایی لەگەلی عێراق کرد بە بۆنەی بردنەوەی کورسییەک لە ئەنجومەنی جێبەجێکاری رێکخراوی یونسکۆ

عەمار حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانی هێزەکانی دەوڵەت لەبەیاننامەیەکدا،رایگەیاند پیرۆزبایی لە گەلەکەمان دەکەین بە بەدەستهێنانی عێراق کورسییەکی ئەنجومەنی جێبەجێکاری رێکخراوی یونسکۆ دوای بردنەوەی لەو هەڵبژاردنەی لە میانەی چالاکییەکانی کۆنفرانسی نەودەوڵەتی ڕێکخراوەکە لە دانیشتنی چل و دووەمیدا ئەنجامدرا.

وتیشی: "سوپاسی ئەو هەوڵانە دەکەین کە بوونە هۆی گەڕانەوەی عێراق بۆ پێگە پێشکەوتووەکان لە ڕێکخراوە نەودەوڵەتییەکان و ئەو ڕۆڵانەی لە بەدەستهێنانی پێگە و کاریگەریی سروشتی عێراق لە جیهاندا."